خولی ئەستێرەکانی عێراق... هەولێر بۆ حەوتەمین جار شکستی هێنا



لە میان یاریەکانی هەفتەی 28ی خولی ئەستێرەکانی عێراق، یانی هەولێر لە یاریگای فرانسە هەریری، میوانداری یانی نەفتی کرد.

هەولێر لە یاریگای خۆی و بەردەم هاندەرەکانیدا، بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە سێ گۆڵ تووشی شکست هات و لە ماوەی 10 یاری رابردووی خولەکەدا بۆ حەوتەمجار تووشی شکست بوو.

پێشتر و لە یاریەکی دیکەی هەفتەکەدا، هەردوو یانی زاخۆ و نەفتی میسان، لە یاریگای نەوەوتی زاخۆ روویەروویی یەکبوونەوە.

زاخۆی خاوەن یاریگا بە دووەم یاری لەسەریەک تووشی شکست بوو، دوای ئەوەی بە گۆڵەکی بە بەرامبەر یاریەکەی دۆڕاند.

لە ئێستادا زاخۆ بە 52 خاڵ لە پلەی سێیەمی ریزبەندی خولەکەدایە، هەولێریش بەکاتی لە پلەی 11دایە

و 35 خ□ی ه□ب□.